**هەراو هۆریای دادگاییکردنی سەدام و دەست و پێوەندییەکانی چ سوودێکی بۆ گەلی کوردستان و کێشەکەی دەبێ؟ ئایا مەترسی سەرهەڵدانەوەی پاشماوەی فیکری سەدام و ئایدیای شۆڤینستی نەتەوەی باڵادەست چەند لە گۆڕێ دایە؟ چۆن بتوانین بەرەنگاری ئەو ئایدیایە ببینەوە کە لە دوای روخانی رژێم رەنگ و شەکلی دیکەی بەخۆوە بینیوە؟ بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین لەو گفتوگۆیە یاسایی و ئەخلاقییە بەشداری بکەین روومان لە چەند رۆشنبیرێک کرد ئەوانیش بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەکانیان دایەوە:**

ئا: هیوا مستەفا

## * ئایا دادگایی کردنی سەدام و سەرانی رژێم دەبێتە مایەی دادگاییکردنی ئەو کەلتورو واقیعەی سی و پێنج ساڵ ئەو رژێمەی قبوڵکرد؟



**سەلام عومەر:**

- قۆناغە تاریکەکان ئەو قۆناغەی گەلی عێراقی پێیدا رەت بووە خستبوونییە سوڕی متبوونەوەو تاکڕەویانە هەموو سەرەداو و تەوەرەکان لەدەستی رژێمێکدابوون، کە سەرجەم ئاراستە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی خستبووە ناو ئەو پێکهاتەیەی توانا گەندەڵییەکانی تێدا شێکردبۆوە، بۆیە لەو سەردەمانەدا کەلتور بەر لەوەی بەدووی دەربازبوون و ئامانجدا بگەڕێ، خۆی لەناو چوارچێوەیەکدا مۆڵدابوو سارێژی ئەو زامانەی دەکرد، کە ٣٥ ساڵ بەعسی لە جەستەی هەڵکۆڵیبوو. بەئاگایی دەوروبەری خۆ دوورخستنەوەی سیاسەتەکانی جیهانگیریی بۆ بەرەڵلاکردنی ئەو پەیکەرە ترسناکەی گەلانی عێراقی پێ دەستەمۆو تۆقین کردبوو، هۆکاری ریشەیی قبوڵکردنی دەسەڵاتی تاک رەویانەبوو.. ناشکرێ ئەو گوشارە چڕو ئاڵۆزانەش لەیاد بکرێن کە ئەوکات بۆ ئامانجی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی هەردوو جەمسەر لەکێبڕکێیەکی بەردەوامدابوون و باجەکانیش دەخرانە ئەستۆی ئەو گەلە ژێردەستە تازە، گەشەسەندووانەی لە هەوڵی قوتاربوون دابوون، بۆیە دادگاییکردنی سەدام و سەرانی دەکرێ بەوانەو ئەزموونێکی سەردەمیانە بخرێتە بازنەی بەئاگاهاتنەوەی کەلتوری وڵاتێک، کە بێئاگابوو لە هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی پرۆژە سیاسیە

جیهانییەکان خەریکی شیتەڵکردنەوەی بوون، ئەوە بەو مانایە دێت، کە هەموو کەلتوورو واقیعەکان لەژێر تاقیکردنەوەدابوون و لە هەموو هەوڵ و تەکانەکانی ئازادبوونیش بوارەکان هێندە لەبەردەم کەلتووردا بەرفراوان کرابوو نەدەکرا بەبێ پاڵنەرو پشتگیرییەکی دەرەکی ئەو بازە هیوابەخشە باوێ و خۆی لەم چوارچێوەیە قوتارکات، کە بەعس هێڵی سووری بەدەوردا کێشابوو.

ئێستاش گۆڕانکارییە خێراکان کە کەلتوری لە ئاوێتەیەکی ناشیرندا گواستەوە ناو ئەو وێستگەیەی دیموکراسییەتی تێدا گەشە دەکات و مەکۆی هەموو چەمکە ئاراستەکراوەکان لەسەر هێڵەکانی رایەڵەیەکدا راخراون، دەکرێ بە نوێترین ئەزموون بۆ کەلتور دابنرێ و جیابکرێتەوە لەو گروپە خوێن رێژەی کە رۆڵیان هەبوو لە شێواندن و شلەقاندنی هەموو ئەو بەها مرۆییانەی کە بەقەتیس ماوی لەناو هەگبەی کەلتورو واقیعدا متکرابوون.

ئیدی لێرەوە دەکرێ دوای گۆڕانکارییەکان و بەبەرگکردنی دەستوورێکی نوێ پرسیار لە کەلتورو ئەو واقیعە بکرێ تا چەند دەتوانێ لەگەڵ پێشهاتەکان خۆی رێک بخات و چەندیش پەلە دەکات لە خۆنوێکردنەوەو دامەزراندنی ئەو سەکۆ ئازادەی دەیخاتەوە سەر ئەو سکەیەی کە دووری دەکاتەوە لەسەرانی رژێم و بەرەو ئەو دیموکراتییەش دەچێت، کە خۆی تێدا گۆش دەکات. دوای هەموو ئەو گۆڕانکارییانەش ئەوجار ئاوێتەکان لێک جیا دەکرێنەوەو بەها مرۆییەکان بە ئاراستەی قۆناغەکاندا رەت دەبن و ئەو کەلتورو یاسا هەلانەش، کە زادەو دروستکراوێکی بێ بنەمابوون، بە کەلێنی درزەکانی مێژوودا لەگەڵ ئەو تاوانبارانە دادگایی دەکرێن کە پەیکەری دەسەلاتی بەعس بوون.



**سەلاح مەزن:**

- جارێ دیار نییە ئەو دادگاییکردنە بەچی دەگات و ئاکامەکەی چۆن دەبێ، پاشان مەسەلەی دادگایی شتێکە و دادگایی واقیعی کەلتوری ٣٥ ساڵیدا سەپاو شتێکی دیکەیە، ئەگەرچی پەیوەندی هەمەلایەنە لە نێوان دیکتاتۆری و ئەو واقیعی کەلتووره هەیە، بەقوڵی بەناخی ژیان و پەیوەندییەکان و دابونەریتی کۆمەڵگادا، رۆچووە، بەڵام دادگاییکردنی هەریەک لەو دوو مەسەلەیە میکانیزم و ئامانجی خۆی گەرەکە.

جارێ لەلای پێشەوە هەردوو دادگاییەکە درەنگ کەوتۆتەوە، ئەو درەنگ کەوتنەوەیەش خراپی زۆری لەگەڵ خۆی هێناوە، کەواتە دوو بەرەی لە یەکتر جیاوازن و هەریەکەیان جۆرە شەڕێکی دەوێ، بنبڕکردنی کەلتووری واقیعی بەجێماو لە دیکتاتۆری و دەسەلاتی رەهای بەعس و عروبە، پرۆسەیەکی ئاڵۆزەو بەئاسانی ریشەکێش نابێ، هەماهەنگی و بەرنامەی شێلگیرانەو بەردەوامبوونی دەوێ، چونکە ئەگەر ئەو واقیع و کەلتووره بەرهەمی دیکتاتۆری بێ، ئەی باشە خودی دیکتاتۆر بەرهەمی چییە؟ چۆن دروست بوو؟ چۆن گەیشتە ئەو ئاستەی کە پێی گەیشت و، پاشان سەری خۆی خواردوو، گەورەترین کارەساتی تراژیدیای دژ بەگەلەکەی و سەرجەم مرۆڤایەتی نایەوە، ئایا گەلانی عێراق، کوردستان و، نەتەوەی عەرەب و، وڵاتانی جیاجیاو، پارت و گروپی جیاجیا لێرەو لەوێ، دەوڵەمەند، ئاغا، شێخ، کرێکارو جوتیار، روناکبیران، کارمەندانی دەوڵەت.. کێی دیکە ماوە بیڵێم، هەموو ئەو توێژە جیاجیانە لە دروستکردن و بەهێزکردنی خودی دیکتاتۆرو رژێمەکەی بەشدارییان نەبووە؟ من

باسی زۆرینەی خەڵک دەکەم. باشە ئەگەر کەلتورو واقیعێک بەو جۆرە هاتبێتە بەرهەم، تۆ بڵێی بەشەوو ڕۆژێک و، لەرێگای دادگاییکردنێک رەش بێتەوە. دەبوو ئەو پرۆسەیە لە زوییێکەوە، دەستی پێکرابایە، تا ئەو چەند ساڵەی رابردوو وێنەی دیکاتۆرو وتە بێ نرخەکانی لەسەر بەرگی کتێب و پەڕاوەکانی قوتابییانی بەدی دەکراو لە زۆر جێگا ئاڵاکەی دەشەکایەوە، باشە ئەو هەموو گەورە بەرپرس و کادیری بەعس و دەزگاکانی سیخوڕی و کارمەندی گەورەی دەوڵەت، موستەشارو هەزاران جاش و مەفرەزە خاسە، نوسەرو رۆژنامەنووس، لیژنەی تەحزیری قوتابیان و قوتابی و کارمەندی بەعسی و، ئەندامانی سەندیکاو یەکێتییە جیاجیاکانی پیشەیی و جەماوەریی. و .. تاد.. چییان بەسەر هات، ئایا هەندێکیان بەئالیەتێکی بەهێزتریش لە جاران جێ پێی خۆیان نەکردۆتەوە؟! دوای (شەڕی ئازادی عێراق!!) هەوڵی ئەوە درا پرۆسەیەک بۆ ریشەکێش کردنی بەعسیزم بەرپابکرێ، بەڵام پۆل بریمەری حاکمی مەدەنی عێراق بەر لە کۆتایی ماوەی حوکمەکەی (یاسای لە گۆڕنانی بەعس)ی هەڵوەشاندەوەو، کۆنگرەی (لە گۆڕنانی بەعس)یش روناکی بەخۆی نەبینی، لەلای خۆیشمان تەنها بەقسەو نووسین بووە، بەکردەوە کارێکی ئەوتۆ نەکراوە، بۆ ریشەکێشکردنی بەعسیزم و کەلتوورو دابونەریتە جێماوەکەی لە بوارە جیاجیاکانی نێو کۆمەڵگای کوردستان.



**عەلی مەحمود**

– حزبی بەعس وەک پارتێکی نەتەوەیی شۆڤێنی لەماوەی ٣٥ ساڵ دەسەڵاتداریێتی خۆیدا کلتورێکی بەرهەمهێنا پایەکانی لەسەر چەوساندنەوەی نەتەوایەتی نەتەوە ژێر دەستەکانی عێراق و پیادەکردنی حوکمی تاک حزبی دیکتاتۆریانەی مەزهەبی دامەزراندبوو. لەرێگەی ئەم هێڵە سیاسییەوە بۆ درێژەدان بە تەمەنی، تەواوی بەشەکانی کۆمەڵی، لە بەرامبەر یەکتردا دانابوو. تەفرەقەی نەتەوەیی و مەزهەبی، چەوساندنەوەی چینایەتی هەژاران. ئەم کلتورە دەمارەکانی بەجەستەی کۆمەڵگای عێراقدا چۆتەخوارێ و لەبیرکردنەوەو تێڕوانینی بەشێکی زۆری جەماوەرو هێزە سیاسییەکان رەنگی دەداتەوە، ئەم کلتورە بە دادگاییکردنی سەدام و داروودەستەکەی کۆتایی نایەت. تاکە رێگە بۆ کۆتایی پێهێنانی، دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتی(عیلمانی) فیدراڵییە لەعێراقدا.

**ئەبوبەکر عەلی**

– پێم وایە وەڵامی ئەم پرسیارە لەیەک کاتدا بە ئەرێ و نەرێییە، چونکە رووخان و هەرەسهێنانی رژێمێک کە بۆ ماوەی (٣٥) ساڵ نوێنەرایەتی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوی کردووە، لەسەر ئەو بناغەیەش واقیعێکی دیاریکراوی خولقاندووە. هەر چۆن بێ و لە ئاستێکی دیاریکراویشدا بێت دەبێتە مایەی دارووخان، یاخود لانی کەم زەبر پێکەوتنێکی گەورەی ئەو ئایدیۆلۆژیاو واقیعەیە. بۆیە هەرەسهێنانی سەدام و رژێمەکەی بەواتایەک لەواتاکان هەرەسی ناسیۆنالیزمی توندڕەوی عەرەبییە لە عێراقدا لەبەرگی ئایدیۆلۆژیای ستەمکاری بوون و هەمەلایەنە بوون و دژی فرەیی و ئازادی بوون لەکەش و هەوایەکی ئازادو فرەیدا توانای کێبڕکێی نییەو زیاتر گرەو لەسەر دەسەڵات و دام ودەزگا سەرکوتکەرەکانی سەر بە دەوڵەت دەکات بۆ چەسپان و هەژموون و دەسەڵات پەیداکردن. لە رژێمێکی هەمەلایەن و شێوە تۆتالیتاری وەکو

رژێمی بەعسیشدا کە دەسەڵات بەپلەی یەکەم لەسەری رژێمەکە داو دوای ئەویش هەندێ سەری تاوانباری دیاریکراو چڕدەبێتەوە بەجۆرێ لەجۆرەکان دادگاییکردنی سەرانی رژێمەکە یەکسان دەبێت بەدادگاییکردنی ئەو کەلتورو واقیعەی دەیان ساڵە لەسەری وەستاون و زەمینەی تەراتێنە خوێناوییەکانیان و گەمە دۆزەخییەکانیانە، بەڵام سادەیشە وابزانین هەموو مەسەلەکە لەمەدا کورت دەبێتەوە، چونکە ئەو کولتورە بەزۆر بواری ژیان و دەماری کۆمەڵگادا چۆتە خوارەوەو تەنها بەدادگایی کردنی سەرانی رژێم لەدار نادرێ یاخود ناخرێتە زیندانەوە بەمانا فەرهەنگی و مەعنەوییەکە لە بیریشمان نەچێ ئێمە لەناو گەلێکدا دەژین و قسە دەکەین کە ناهامۆجینی و ناهەماهەنگی یەکێ لە خەسڵەتەکانی پێکدەهێنێ، بۆیە دەشێ لە بەرچاوی بەشێکی بەرچاو لەم گەلە مەسەلەکە بەو جۆرە بێت کە ئێوە ئاماژەتان پێکردووە، بەڵام لە روانگەی بەشەکەی دیکەی بەوجۆرە نەبێ. مەسەلەی بوونی هێزی بیانی و روخانی رژێمیش لەسەر دەستی ئەو هێزە مەسەلەی لەم رووەوە تەمومژاوی کردووە، بەڵام هەرچۆنێ بێ دادگاییکردنی سەدام و سەرانی رژێمە ستەمکارەکەی، خالی نییە لە دادگاییکردنی ئەو کلتورو واقیعە.

**حەمید بلباس**

- ئەم دادگاییکردنە جگە لەوەی دەستکەوتێکی گرنگ و رووداوێکی ئارام خۆش و مژدەئامێزە بۆ سەرجەم گەلەکەمان، هەروەها سەرەتاییەکی گرنگیشە بۆ دادگاییکردنی هەموو ئەو دیکتاتۆرانەی کە لەوێنەی سەدام جگە لە کوشتن و خوێن رشتن خاوەنی مێژوویەکی دیکە نین، هەڵبەت ئەوەی لە هەمووشی زیاتر مایەی خۆشحاڵییە ئەوەیە کە ئەم دیکتاتۆرە لەم وڵاتەی ئەو کردی بەخەڵوز واتا عێراق، دادگاییکردنەکەی بەڕێوە دەچێت و خودی دادوەرەکانیش عێراقین هەرچەندە ئەم مەسەلەیە یەکەم دادگاییکردنی دیکتاتۆرێک نییە، چونکە پێشوتریش لە وێنەی سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچی سەرۆکی پێشووی یۆگسلافیاش خرایە نێو قەفەسی دادگایی کردن و مێژووی رابردوو چەندین دادگای تریشی بۆ دیکتاتۆرەکان رێکخستووە، بەڵام بەدرێژایی مێژوو هیچ دادگایی کردنێک بەقەد هی سەدام مانا بەخش و پڕ دەلالەت نابن.

*** پ/ ئایا ئەم دادگاییکردنە دەبێتە مایەی سەرەتایەک بۆ لەنێوبردنی کەلتوری دیکتاتۆرییەت و سیاسەتی تاکڕەوی و پاوانکردنی گۆڕەپانی سیاسی؟**

**ئەبوبەکر عەلی**

وەڵامی ئەم پرسیارەش بەشێکی دانەبڕاوە لە پرسیاری یەکەم. بێگومان ئەو سەرەتایە پێش ئەو دادگاییکردنەش دەستی پێکردووە. هیواداربین بەو دادگاییکردنەش لانی کەم لەرووی سایکۆلۆژییەوە قوڵتر بێتەوە، بەڵام هەروەک خۆتان وتووتانە تەنها سەرەتایەکەو هێشتا چەندین گیروگرفت و مەیدانخوازی جۆراوجۆر لەبەردەمدان. نەک هەر عێراق، بەڵکو ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەدەیان ساڵانی رابردوودا کلتورێکی تاکڕەوی و ستەمکاری بەهێزی تێدا بڵاوکراوەتەوە، لەمڕووەوە ناوچەکە خاوەنی نەریتێکی دیموکراسی و یەکتری قەبوڵکردن و فرە فکری نەبووە. بوونی بەرژەوەندی جۆراوجۆرو هەندێ جار دژییەکی دەرەکی لە هەرێمی نێودەوڵەتیش تەگەرەیەکی ترە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هێزە سیاسییە عێراقییەکانیش راستە ئێستا لەسەر گۆڕەپانەکەدان، بەڵام خاوەنی باگراوندێکی دیموکراسی و قبوڵکردنی سیاسەتێکی مەدەنی راستەقینە نین و خۆشیان کە گرەویان لەسەر دەکرێت کەموکورتی جۆراوجۆریان هەیە. پێکهاتەی گەلی عێراق و جۆری گرفتەکانی و قوڵی زامەکانی دیسانەوە هەموو ئەمانەش لەشوێنی خۆیانەوە دەبنەوە بەربەست لەبەردەم گەشەکردنێکی خێرای

ديموكراسی، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم واقیعبینییە سیاسی و مەیدانییە ئەوەی جێگای گومان نییە، ئەوەیە کە مەسەلەی رووخانی سەدام و رژێمە سەرکوتکەرەکەی سەرەتایەکی گرنگە بۆ پاشەکشەکردن بە بیری تاکڕەوی و خۆسەپاندن. بۆیەکەم جار هەلومەرجێک لەم وڵاتەدا، بەڵکو لەسەر ئاستی وڵاتانی ناوچەکەشدا دەخوڵقێن، کە خەبات بۆ دیموکراسی دەکات بە(خیار)ێکی سیاسی و فیکری عەقڵانی ئەگەری بەرەوپێشبردنی ئەزموونێ لەم رووەوە دەکات بەئەگەرێکی واقیعی. هەڵبەت مەسەلەی دیموکراسی لەم وڵاتەو وڵاتانی ناوچەکەشدا زۆر پەیوەستە بە هۆکارە دەرەکییەکان، بۆیە گەر بەرژەوەندی زلهێزەکان و بەتایبەتیش ئەمەریکا خوازیاری ئاڵوگۆڕی دیموکراسی بێ لەم ناوچەیەدا، ئەمە دەبێتە پاڵنەرێکی گرنگ، چونکە لە ٥٠ ساڵی رابردوودا خۆرئاوا بەگشتی و لەپێش هەمووانیشەوە ئەمەریکا پشتیوانی رژێمە سەرکوتکەرەکانیانی کردووەو هۆکارێکی گرنگ بوون بۆ رەگداکوتانی کلتوری داپڵۆسین و تاکڕەوی و دەرنەکەوتنی سیمای دیموکراسی لیبراڵی.

**عەلی مەحمود**

نەخێر، وەک ئاماژەم پێدا لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا تاکە رێگایەک بۆ دادگایی کلتورو واقیعی دەسەڵاتی شۆڤێنی و دیکتاتۆریانەی ٣٥ ساڵەی بەعس، سڕینەوەی شوێنەوارەکانییەتی لە کۆمەڵگای عێراقدا. بەعس بۆخۆی کلتورو بۆچوون و جیهانبینییەکە دەبێت لەو کلتورە نەتەوەییە بدرێت.

**حەمید بلباس**

راستە گرتنی سەدام و دەست و پێوەندەکانی و هەروەها دواتر پەلکێش کردنیان بۆ ژووری دادگایی کردن هەنگاوێکی گرنگە بۆ لە ریشە هەڵکێشانی بنەماکانی فیکری فاشییەت و دیکتاتۆرییەت لە عێراقدا، بەڵام ئەمە بەتەنیا بەس نییە بۆ پاکتاوکردن و بنەبڕکردنی کەلتوری بەعسیزم و فاشییەت، چونکە ئەمە پرۆژەو بەرنامەیەکی درێژخایەنەو دەبێت لە رێگای سیستەمێکی دیموکراسی و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنییەوە بکرێت ئەمەش زۆری دەوێت.

**سەلاح مەزن**

ئەمن ناڵێم ئەو دادگاییکردنە، کاریگەری نابێ بۆ لاوازکردن و ریسوایی کردنی کەلتوری دیکتاتۆری و سیاسەتی تاکڕەوی و پاوانکردنی گۆڕەپانی سیاسی، بەڵام ئەو دادگاییکردنە لە کوردستان درەنگ کەوتۆتەوە، چونکە ئەوا بۆ چواردە ساڵ دەچێ، ئەو کەلتوورە لەلای خۆمان دەنگی وەرگرتووە، ئەو رەوشە ئاڵۆزو پڕ لە کارەساتی شەڕ، بێ یاسایی، پاوانی دەسەڵات و برسیکردنی خەڵک بەتایبەتیش لە چەند ساڵی رابردوودا، لەسەرێکەوە بەرهەمی ئەو کەلتوورە نین، پاشان پاوانکردنی دەسەڵات لەلای خۆمان خودی خۆی نەبۆتە کەلتوورێکی دیکە، ئەوەندە هەیە ئەو دادگاییە دەبێتە پەندێکی بەنرخ بۆ گشت ئەو رژێمانەی ناوچەکە، کە دەیانەوێ لە رێگای توندو تیژی و تۆقاندنەوە، درێژە بەدەسەڵات بدەن، جۆرەها شێوازی دیماگۆگی دەگرنەبەر تەنها بۆ ئەوەی دەسەڵاتیان لە بندەست دابێ نموونەش ئەو هەڵبژاردنانەیە کە لە ئاکامدا سەرۆکی پێشوو بەرێژەی خەیاڵی سەروی ٩٥٪ دەردەچێ، ئەوەیان شایەنی پێکەنین و گاڵتەپێکردنە، چونکە هیچ رێبازو سیستەمێکی فیکری و مەعریفی جا چ سۆسیالست بێ، یان ناسیۆنالیست، سەرمایەدار بێ یان ئایین، هەتا ئەگەر هەر هەمووشیان ئاوێتەی یەکتر بکرێن توانای ئەوەیان نییە بەرنامەیەکی ئەوتۆ دابڕێژن کە گشت جەماوەرو توێژە جیاجیاکان بەو شێوەیە رازی بکەن!

هەروا دواخستنی پرۆسەی دادگاییکردن و دەست بەسەرکردنی دیکتاتۆرو یاوەرانی لە ناوەوەی

عێراق، کاردانەوەی خراپی لێ دروستبووە چونکە کەلتوورو واقیعی جێماو لە ئەنجامی هەڵەکانی ئەمەریکاو باش نەخوێندنەوەی کۆمەڵگای عێراقەوە، نەبوونی بەرنامەیەک و پێشبینی ورد لەمەڕ پێشهاتی رووداوەکان، ئەو رەوشە ئاڵۆزەی لێکەوتەوە، کە دەیبینین، کەواتە ئەو کەلتورە جارێکی دیکەو بۆ ئامانجێک کە درێژە پێدەری ئامانجەکانی پێشووە خۆی بەرهەمهێناوەتەوە، ئامرازەکانی جێبەجێکردنیش هەمان ئەو توخمانەیە، کە لەسەر بنەمای توندوتیژیی دروست بووینە، دەسەڵاتی پێشوو دامەزراوە جیاجیاکانی حزب و دەوڵەت و خێروبێرو ئیمتیازاتی بۆ پەروەردەکردنیان تەرخانکردبوو.

باشترین دادگاییکردنی کەلتوری دیکتاتۆری و پاوانخوازیی. راپەڕینی ١٩٩١ی گەلەکەمان و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی و پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، گەورەترین کۆسپیش لەبەردەم پرۆسەی ئازادی و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگاو بەرقەرارکردنی ئارامی و سەروەری یاساو پەرەپێدانی کوردستان، هەڵگیرسانی شەڕی نێوخۆیی و، دەستێوەردانی داگیرکەران و رژێمی دیکتاتۆری و، پاشان لەتکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، لەسەر ئاستی عێراقیش، دوای پرۆسەی شەڕی ئازادی عێراق !!) ژمارەیەک هەنگاوی باش هەبووە، دیارترینیان بڕیاردانی یاسای کاتیی، بەڕێوەبردنی دەوڵەت و پێکهێنانی حکومەتی کاتی و ئەنجومەنی نیشتمانی کاتی بوو، چونکە لە سایەی دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا، هەموو دەسەڵاتەکان بۆ دیکتاتۆرو ئەنجومەنی بەناو سەرکردایەتی شۆڕش بوو، ئەو دەستوورە کاتییەی کە لە ئارادابووە، لە بەرامبەر بڕیارەکانی دیکتاتۆرو ئەنجومەنی ناوبراو هیچ جۆرە ئیعتیبارێکی بۆ نەکراوە، بۆیە ئەو هەنگاوانەی ئەمڕۆ لە عێراقی دوای دیکتاتۆری دەبینرێن، ئەگەر بەپێی پرەنسیپەکانی دیموکراسی و نەریتی شارستانی بەڕێوەبچن باشترین دادگاییکردنی دیکتاتۆری پێکدێن، چونکە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و سەربەخۆیی بونیان و، هەروا هەبوونی دەستورێکی هەمیشەیی کە لەسەر بنەمای دیموکراسی بنیاتنرابێ، بەیەکێک لە گرنگترین بنەماکانی سیستەمی دیموکراسی دەژمێردرێ.

**سەلام عومەر**

ئەگەر گۆڕانکارییە سیاسییەکان بەتەنیا وا بەستەی دوای دادگاییکردنی ئەم تاقمە خوێن ڕێژە بکرێ و بە ونبوون و لەناوچوونی ئەوان بیر لەیاساو دەستورێکی تۆکمە نەکرێتەوە تا لەسەر بنەمایەکی پتەو ئازادییەکی رەها لەخۆ بگرێ دوورنییە دووبارە بوونەوەی دەموچاوەکان، بەڵام بە ماسک و بەرگێکی نوێوە گۆڕەپانی سیاسی ئەم وڵاتە داگیرکەنەوەو دیسانەوە کەلتورێکی دی، بەڵام بە ئاراستەیەکی ترسناکتر بپرژێننە سەر ئەو گەلانەی تەکانی قوتاربوون دەدەن و وڵات دووچاری تەنگژەیەک دەکەن کە بەدووری نازانم ئاوێتەیەکی هێندە ناشیرین وەبەربێت، کە جیاکردنەوەی ئەستەمتر بێت لەو واقیعەی بەعس بۆ گەلانی عێراقی دروستکردبوو.

بۆیە ئەگەر دادگاییکردنی سەدام و تاقمەکەی ئێستا کارێکی حەتمی و بەرجەستەکراوە، بەڵام گۆڕانکارییەکانی دوای دەستگیرکردنی ئەم تاوانبارانە شتێکی دیکە دەڵێن و گۆڕەپانی ئێستای باشوور کە حزبە سیاسی و تەوژمە ئیسلامییەکان لەناویدا خەریکی خۆ نواندن و دەرخستنی دەسەڵاتن کە فاکتەری هەموو ئەو بزاوتانەش ئەو ئازادییە کتوپڕەیە کە زۆرێک لە باڵە ئیسلامییەکان پێیان هەزم ناکرێ، بۆیە تاوەکو دەستورێکی هەمیشەیی دەرنەچێ و لەناویدا وەرچەرخانێکی مێژوویی تێدا بەدی نەکرێ، بەشێوەیەک هەرچی گیانی خۆپەرستی و تاک رەوی و پاوان

خوازییە لە نێویدا نەشاردرابێتەوە، ناکرێ ئەم دادگاییکردنە بەخاڵی وەرچەرخانەکان بێتە هەژماردن و پێویستە هەموو سەرنجەکان ئێستا لەسەر ئەو خاڵانە یەکتری ببڕن، کە لاوازی دەسەڵات و پرۆژە ئاڵۆزەکانی لەسەر ریزبەندکراوە.

ئەوەتا دوای نزیکەی دووساڵ لە ئازادبوون لەدەستی دیکتاتوری سەردەم، کەچی چەندین ناوچەی بەعەرەبکراو وەکو کەرکوک و دەورووبەری بەبێ چارەسەر ماونەتەوەو هەتاوەکو ئێستاش کە گیانی خۆپەرستی و عەرەب چییەتی لەم ناوچانەدا بەردەوامی هەیە، نایەڵن خاوەن مافەکان شوێنگەی خۆیان لە زبڵەکانی ئەو پاشماوانەی کەلتوری بەعس فەرزی کردبوون پاک بکەنەوە.

ئیدی ئەو سەرەتایە لێرەوە دەست پێدەکات و لێرەوەش وەبیرمان دێتەوە کە بەفەنتازیاکردنی وڵات و ئازادە سیاسییەکان تەنیا بە هەوڵی لەگرێژنە نەچوونی خۆمان وەبەردێ و نابێ لەچاوەڕوانی دادگایی و گۆشەگیرکردنی هەندێ باندی تیرۆرستی هاوردە خۆمان بخەینە پاش رووداوەکان و گریمان بۆ ئەو هاوکێشە سیاسییانە دانێین، کە لەدوای دادگاییکردنەکەوە ئاراستەی خۆیان وەردەگرن.

بە گەڕانەوەشمان بۆ گۆڕانکاریی و ئەزموونەکانی رابردوو کە لەکودەتاو گۆڕینی دەسەڵاتەکاندا رەنگدانەوەی هەبوو ئەو راستییە دەسەلمێ، کە هەموو رژێمەکانی پێشوو دوای داکوتانی ریشەو پاوانکردنی دەسەڵات گیانی دیکتاتۆرییەت و پانخوازیان دەکردە قەڵغانی بەرەنگار بوونەوە دژی هەموو ئەو دەنگانەی داوای مافی گشتییان بۆ گەلانی عێراق دەکرد.

بۆیە بەتەنیا دادگاییکردن، ئەگەر بەدوایدا پرۆژەو بەرنامەیەکی کراوەی هاوچەرخاندن نەبێ، کە داکۆکی کاری راستەقینە بێ و لەدەوریشی هێزێکی زیندووی نێودەوڵەتی چاودێری بکات، ناچێتە چوارچێوەی ئەو ئازادییە سیاسییەی کە مافی هەموو تاکێکی ئەو کۆمەڵگایەی پێیەو دواتریش کەلتوری دیکتاتۆرییەت و تاک رەوی و پاوانکردن تەوژمێکی خۆڕسک نییە بە لەناوچوونی ئەوان لە ریشەوە هەڵکێشرێن، بەڵکو گۆڕانکارییەکان دەبێت لەو ناوەڕۆکانەدا بکرێن کە ئێستا لە گۆڕەپانی عێراقدا دەوریان هەیەو سەرەتایەکن بۆ بنیاتنانی شێوازێکی نوێی بەڕیوەبردن کە لەناوەڕۆکیدا ئەگەر حەشارگەیەکی پڕ لە ئەمیبا نەبێ، ئەوە ئەو سەرەتایە دەست پێدەکات کە دروشمە بە بریقەکان لە پشتییەوەن.

*** پ/ دەبوایە لە یەکەمین دادگایی سەدام پارێزەرانی کورد بەرفراوانترین ئامادەییان هەبووایە، بەڵام ئەوە نەکرا بۆ؟ ئایا کەمتەرخەمی پارێزەرانی کورد بوو، یان دادگایی عێراق رێگای نەدا؟**

**سەڵاح مەزن**

ئەوەندەی ئەمن ئاگام لێی هەبێ، پارێزەرو یاساناسانی کورد لە رێگای ئاخاوتن، نوسین و بەیاننامەو کۆبوونەوەی بچوک و پچڕپچڕ ئامادەباش و حەماسەتیان هەبووە، بۆ ئەوەی لەسەر دۆسیەی دادگاییکردنی دیکتاتۆرو سەرانی رژێمەکەی کار بکەن بەوەی، کە تاوانبارێکی راستوخۆیان لە ئەستۆیە بەرامبەر ئەنجامدانی تاوانی شاڵاوەکانی ئەنفال، کیمیاباران، جینۆسایدو مەینەتییەکانی دیکەی گەلەکەمان، لە راستیدا ژمارەیەکی دیاریکراو لەو پارێزەرە بەڕێزانە ئەو ئامادەییەیان لەلا هەبووە، بەڵام بەکردەوە لەسەر گۆڕەپانی رووداوەکە، هەوڵیان نەدا دۆسییەکە بوروژێنن و بەرەو پێشەوەی ببەن، چونکە ئێمە لە ناوەندی هەڵەبجە (چاک) لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٣ لەسەر ئەو دۆسییە کارمان کردو تاڕادەیەک جولەیەکمان کردو، هەماهەنگیمان لەگەڵ سەندیکای پارێزەرانی کوردستان و عێراق و کۆلیژەکانی یاساو، ژوورەکانی پارێزەران و چەندان ناوەندو

دامەزراوەی دیکەی پەیوەندارو ڕێکخراوەکانی ئەنفال و کیمیاباران، هەروا هاوکاری ژمارەیەک پارێزەرو روناکبیرو سیاسەتمەدارو.. تاد.. دروستکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی توانای بەشەری، لۆجستی و دارایی ناوەندەکەمان سنوورداربوو، وێڕای هۆکاری دیکە کە پەیوەندی بەواقیعی سیاسی کوردستانەوە هەیە، نەمانتوانی هەماهەنگی لە نێوان گشت ئەو لایەنانە دروست بکەین، ئەوە بوو پاشان لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان لەناوەڕاستی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤ کۆنفرانسێکی درەنگ وەختی بۆ ئەو مەبەستە گرێدا، کە وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقی و وەزارەتەکانی مافی مرۆڤ هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی حکومەتی هەرێم بەشدارییان هەبوو، ئەوەی جێگای سەرنج بوو لەو کۆنفرانسە هەمدیسان پارێزەران بەشدارییان زۆر لاوازبوو.

دەتوانین بڵێین، پارێزەرانی کوردستان لەو مەیدانەدا، جۆرێک لە گوێ پێنەدان و کەمتەرخەمییان نواندووە، ئەگەر بەراوردیان بکەین لەگەڵ ژمارەیەک لە پارێزەرانی عەرەب و بیانی کە چۆن داکۆکی لە دیکتاتۆرێک دەکەن، کە گەورەترین جینایەتی مەدەنی و تاوانی شەڕو دژ بەمرۆڤایەتی ئەنجام داوە، کەچی پارێزەرانی کورد ژمارەیەکی کەمی لێبترازێ، بەگشتی دەستەوەستان داماون و، رۆڵێکی ئەوتۆیان نەدیت لە داکۆکیکردن لە پرسی ئەنفال، کیمیاباران و پاکتاوی نەژادی دژ بەگەلی کوردستان، ئامادەیی پارێزەرانی کورد بەرفەراوان نەبوو، ئەمەش لەبەر دوو هۆ: بەشێک لە پارێزەران کارێکی پیشەیی دەکەن و بایەخ بەبابەتی سیاسی نادەن، بەشێکیشیان رەوشی ئاڵۆزی کوردستان وای لێکردوون ئاوا دورە پەرێزو خۆپارێزبن، بەشێکی زۆریشیان تا لەسەرچاوەی بڕیاری سیاسییەوە، ئیشارەتی بۆ نەکرێ، خۆی ناداتە بەر هیچ جۆرە کارێک، کە ئیشارەتیش کرا. ئیتر بەپێی بڕیاری تەعمیمکراو مەراسیمی بەڕێوەچوون، ستافی دیاریکراو، راگەیاندراوی کۆتایش هێڵە گشتییەکانی دیاری دەکرێ، ئەوکاتە کامەی لە هەموو ژیانی جارێک باسی دادگاییکردنی دیکتاتۆری نەکردووە، سەری مەیدان دەگرێ! دەبوو پارێزەرانی کوردستان گروپی فشار دروست بکەن و ئەگەرچی (دادگای تایبەتی عێراق) بۆ دادگایی سەدام و سەرانی رژێمی پێشوو دەرگای والانەبووەو، بەبڕیارێکی سیاسی دەسەڵاتی ئیئتیلافی گواستنەوە دامەزراوە، دادوەرەکانیش کە وابزانم ژمارەیان (٩) دادوەرەو لە نێوانیاندا (٣) دادوەری کوردی تێدایە، کە کاتی خۆی لەلایەن شارەزایان و یاساناسانی بیانی کۆرسێکیان لەمەڕ چۆنیەتی دادگاییکردنی تاوانبارانی وەک سەدام بۆ کرایەوە. ئەمن وا هەست دەکەم، پرۆسەی خۆ ئامادەکردن، پێکهاتەی دادوەران و بەڕێوەبردنی دادگاییکردنەکانیش بەپێی بڕیاری سیاسی و هەماهەنگی سیاسی گشت لایەنە پەیوەندارەکان و وەزارەتەکانی پەیوەندار ئامادەباشیان بۆ بکرێ.

بۆ مەسەلەی ئالیەتی بەشداریکردنی پارێزەران و چۆنیەتی تۆمارکردنی داواو مودافەعەکردنی، رەنگە یاساناس و پارێزەرانی شارەزا زیاتر لەو میکانیزمە ئاگاداربن، ئەوەندە هەیە لێرەو لەوێ فۆرم دابەش دەکرێ. بەسەر کەسوکاری قوربانیان و ئەوانەی لەسەردەستی رژێمی گۆڕبەگۆڕ تاوان و ناهەقییان بەرامبەر کراوە، بەڵام لەو دادگاییە بەڵگەی زیندوو سەلمێنەرو یاسایی دەخوات، نەک قسەو گێڕانەوەی بێ بەڵگە، بۆ نموونە گریگوری، کە پارێزەرێکی ئەمەرکییە، توانی لەرێگای ئەنجامدانی پشکنینی زانستی لەسەر ٢٠٠ تەرمی کوردان لە گۆڕی بەکۆمەڵی (حەزەر - موسڵ) باشترین بەڵگەی یاسایی بۆ تاوانبارکردنی رژێمی گۆڕبەگۆڕ ئامادە بکات، تۆ بڵێی وەزارەتەکانی مافی مرۆڤ و ئەنفال و ڕێکخراوو کۆمەڵەکانی

ئەنفال و کیمیاباران لەو مەیدانەدا، شتێکی ئەوتۆیان کردبێ؟! کە لە ئاستی ئەو مەینەتییان بێ و ببێتە مایەی سەرنجدانی دادوەرەکان و میدیای جیهانی و جارێکی دیکە ویژدانی مرۆڤایەتی بجوڵێنێ و، دیکتاتۆرو سەرانی رژێمەکەی پێ تاوانبار بکات.

**عەلی مەحمود**

یەکەمین دادگایی تەنها لێپرسینەوەیەکی سەرەتایی بوو، لە بەشەکانی دیکەی دادگاییەکە رۆڵی پارێزەران دەردەکەوێت، بەڵام دەبوایە پارێزەرانی کورد چالاکی راگەیاندنی بەرفراوانیان ئەنجامدایە وەک نوێنەرایەتی گەلێک بەشی شێری لە تاوانەکانی سەدام بەرەکەوێت. لێرەوە کەمتەرخەمی پارێزەرانی کورد دەردەکەوێت. ناوەندی هەڵەبجە(چاک) لەچەند بانگەوازو چاوپێکەوتنندا هەر زوو پارێزەران و ماف پەروەران و کۆمەڵگای کوردستان هۆشیار کردەوەو بۆ خۆ ئامادەکردنی بەکۆمەڵ لەدادگاییکردنی سەدامدا.

**ئەبوبەکر عەلی**

دەبێ لێرەدا سەرەتا هەندێ راستکردنەوە لە پرسیارەکەدا لە رووی یاساییەوە ئەنجام بدەین، چونکە سەدام جارێ دادگایی نەکراوەو جەولەی یەکەمی ئەو دادگایی کردنە دەستی پێنەکردووە ئەوەی تا ئێستا کراوە بەشێکە لە لێکۆڵینەوەو قۆناغی لێکۆڵینەوە لە تاوانبارو، لە رووی یاساییشەوە دەبوایە ئەو قۆناغە بەنهێنی بمابایەتەوە، دیارە بەرژەوەندییەکی سیاسی دیاریکراوئەو دیمەنانەی لە لێکۆڵینەوەی دادوەری لێکۆڵینەوە خستنەسەر شاشەکان. لەم قۆناغەشدا ئەوەی زیاتر دەوری دەبێت دادوەرانی لێکۆڵینەوە، لێکۆڵەرە دادوەرە بە ئەزموونەکانی ئەوەی پەیوەستە بە کوردەوە، بەداخەوە پەرتەوازەیی نێوماڵی کوردو نەبوونی ستراتیژیەتێکی رۆشن و بەرچاو رووی سیاسی پێویست و کات بەفیرۆ دان لە(تەنسیق)و هەماهەنگی نێو خۆیدا وایکردووە ئێمە نەتوانین بە ئەندازەی قوڵی زامەکان و گەورەیی کارەساتەکانمان لەو جۆرە منبەرانەدا ئامادە بین. هەڵبەت من زانیاری وام لانییە کە لەم قۆناغەدا تا چەند رێگا دراوە بەکوردو غەیری کورد بەشداری بکەن یاخود بەکردەوە کورد ئەو بەشدارییەی کردووە یاخود نا، چونکە لەم دواییەدا کۆمەڵێ یاساناسی کورد بەو مەبەستە رەوانەی بەغدا کران، بەڵام هەرچۆنێ بێ بە خوێندنەوەی کارنامەی هێزە سیاسییەکانمان لەچەند ساڵی رابردوودا دەتوانین بڵێین بەگشتی کورد بەگوێرەی پێویست داکۆکی کارنییە لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکانی، کاری لەم جۆرەش تەنها بە پارێزەرو یاساناسە کوردەکان ناکرێت، بەڵکو هەماهەنگی نێوان هێزە سیاسییەکان و ئیدارەکانی کوردستان و ئەوان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە بە دادگاییەکەی دەوێت.

**سەلام عومەر**

بە تەنیا ئەو تاوانانەی بەعس دژی گەلی کورد لە ماوەی دەسەڵاتیدا ئەنجامیدا بەس بوو بۆ تاوانبارکردنیان و بەڵگەنامەکانیش هێندە زۆر و زیندوون دوورنییە شەرمەزاری ببەخشێتە ئەو پارێزەرانەی بەرگری لەم تاخمە دەکەن. ئەگەرچی کلێشەی یەکەم دادگاییکردنی سەدام باگراوندێکی سیاسی بەرژەوەندی ئامێزی لە پشتەوە بوو، بۆیە وا بەخێرایی ئەنجام درا، بەڵام ئەوەش نابێت ببێتە هۆکاری ئامادە نەبوونی پارێزەرانی کورد، بە بۆچوونم ئەو راگەیاندنە بە دیموکراسییە ئامێزەی دەنگۆی بیردۆزە سیاسییەکانی لێک جیا دەکردەوە، ئەوکات پێویستییان بە بانگەشەیەکی لەم شێوە بوو و پارێزەرانی کوردو دەسەڵاتی سیاسی لەبەر توندکردنی پێگەی دەسەڵات لە عێراقی بەرفراواندا نەپرژانە سەر خۆ ئامادەکردن و دادگای عێراقیش هەتا وەکو ئێستاش ئەو ئامادەییە بەرچاو و روونەیان لێ بەدی ناکرێ کەسەدام و

هەندێ لەو تاوانبارانەی راستەوخۆ بۆ لەناوبردنی گەلی کورد کاریان کردووە، بیانخەنە ژێر دەسەڵاتی کوردی تا دادگاییان بکات. بۆیە ئەگەر ئێستا ئەم دادگاییە بگوازرێتەوە کوردستان هێندە بەڵگەنامە دژی سەدام و تاقمەکەی کۆ کراوەتەوە رەنگبێ بەس بێت بۆ لەناوبردنیان و کۆتاییش بەو تەنگژەیە بهێنرێت، کە لەم دادگاییەدا سەری هەڵداوە.

**حەمید بلباس**

پێم وایە ئەوەی تاکو ئێستا سەبارەت بە دادگاییکردنی سەدام و تاقمەکەی کراوە، ناکرێت ناوی دادگاییکردنی لێ بنرێت، بەڵکو دەکرێت وەکو سەرەتاییەکی یەکجار سادەو ساکاری ئەم دادگایی کردنە ناوی ببەین، چونکە ئەو تۆمەت و تاوانانەی کە دادوەر ئاراستەی دیکتاتۆرو پیاوەکانی کرد شتی سەرەتایی و ئینشائی بوون، کە پێدەچێت هەر خودی ئەمەریکییەکان و حکومەتی عێراقی دادوەرەکەیان بەم شێوەیە راسپاردبێت، چونکە لەلایەک تاکو ئێستاشی لەگەڵ بێت بەڵگەنامەو دەیکۆمینتی تاوانەکانی قڕکردنی مرۆڤ و جینۆساید بە پێی پێویست ئامادە نەکراون و پارێزەرانی سەدامیش هێشتا نەگەیشتوون. بۆیە من خوازیاری ئەوەم پارێزەران و سەرجەم سیاسییە دڵسۆزەکان بەپەلە خەریکی ئامادەکردنی لائیحەیەک بن کە سەرجەم تاوانە گەورەکانی ئەم رژێمەی لەخۆگرتبێت و دەشکرێت ئەمە لەرێگای حزبەکانی کوردستانەوە بکرێت بەتایبەتیش ئەوانەی لەم بارەیەوە خاوەنی زانیاری و دۆسییەی دەوڵەمەندن.

*** پ/ سەدام و رژێمەکەی گەورەترین زەبری مێژووییان لە نەتەوەی کورد داوە، ئایا پێت وانییە گوتاری سیاسی کورد لەمبارەیەوە لە ئاستی پێویست نییە؟**

**عەلی مەحمود**

بەڵێ وایە گوتاری سیاسی کوردی لەئاست قەبارەی تێکۆشان و قوربانییەکانی گەلی کوردا نییە. گوتاری سیاسی کوردی لەسەر بنچینەی لەبیرکردنی رابردوو دامەزراوە. لەبیرکردنی رابردوو پاش لەبیرکردنی یادەوەرییە تاڵەکان و لەبیرکردنی قوربانی و کارەساتەکانە. تا گوتاری سیاسی کوردی لەسەر بنچینەی تۆڵە لەبەرامبەر تاوانەکانی رابردوو دانەمەزرێت، ناتوانێت لەئاست داخوازەکانی جەماوەردابێت.

**ئەبوبەکر عەلی**

هەروەک لە وەڵامی پرسیاری پێشودا روونم کردەوە، کە بەڵێ وایە لەگەڵ بۆچوونەکەتاندا هاورام. بەداخەوە ئێمەی کورد دەبوایە زۆر لەوە زیاترو بەهێزترو تویژینەترو بەربلاوتر سوودمان لەم جۆرە دەرفەتانە ببینایە بۆ خولقاندنی کەش و هەوایەکی وا بتوانین لە ئاییندەدا کێشەی گەلی خۆمان بەرەوپێشتر بەرین و داواکارییەکانمان لە ئاستی ئەو هەموو کۆسپ قوربانی و مەرگەساتانەدا بێت کە بەسەر نەتەوەکەماندا هاتووە، بەڵام بەداخەوە ئەزموونی سەرنەکەوتوویی دوای راپەرین بەتایبەتی ئەزموونی بەیەکەوە ژیانی هێزەکان و لەخۆنیشاندانی ئیرادەیەکی یەکگرتووی نیشتمانی و ئەو ئاسەوارانەی لەناکۆکی و ململانێی ناوخۆیی کەوتنەوە بەسەریەکەوە کارێکیان کرد کورد نەتوانێ بە رۆحیەتێکی بەهێزو گوتارێکی یەکگرتووی تۆکمەو بەرەیەکی بێ گرفتەوە روبەرووی گرفتەکان ببێتەوەو گوزارشت لە قوڵایی ئازارەکان و خەون و خەم و ئاواتەکانی بداتەوە.

**سەلام عومەر**

ئەگەر گوتاری سیاسی کورد هەر لەم نێوانەدا بانگەشەی پڕکردنەوەی ئەم درزانە بکاتەوە کە بۆ ئاوێتەبوون پێویستن و لەم دیدگایەوە بروانێتە ئاییندە کە هەڵبژاردن یەکلای دەکاتەوە، ئەوە لەبیری چووە کە پاشماوەی ئەو زەبرەی پێی کەوتووە

هێشتا ئاسەواری ئەوانە گوتارەکانی خستونەتە سەر دوو هێڵی تەریب و ئەگەر ڕێڕەوی ئەم ئاراستەیە هەر بەردەوام بێت، ئەوە جیا لەوەی نێوانەکان بەرفراوانتر دەبن گوتارەکانیش ڕێچکەی ئاستیی خۆی لەدەست دەدات و دوور نییە ئەو زەبرە مێژووییەی لەلایەن سەدامەوە بەری کەوتووە ساتمەیەک بێت بۆ ئەو هاوسۆزی و گەشەکردنەی هەرێم بەخۆوەی دیوە.

خۆ ئەگەر کێبڕکێیەکانی دەسەڵاتیش تاکو ئێستا بەردەوامی هەیەو بەدووی میکانیزمێکی گونجاودا نەگەڕاون بۆ یەکخستنەوەی گوتارەکان و بەجیا دوو بانگەشەی ڕەمزئامێز دەکەن بۆ دەسکەوتە سیاسییەکان، ئەوە دیسان بە مایکیاڤیلیکردنی گوتارەکانەو دوورنییە جارێکی دیکە ئەو هەڵە مێژووییە زەبرێکی دیکەی هاوشێوەی بەعسی پێکەوێ و، بەڵام ئەمجارەیان هۆکارەکان بەدەست و خواستی خۆمان لە خۆمانی دەوەشێنین. لەم نێوانەشدا کە گوتارەکان لەمەودای سروشتی خۆیان دەرچوون و ئەو توانا زیندوانەیان بە بەردا نەکراوە کە لەو ئاستەدابن بەسەر دروشمەکاندا بدرەوشێنەوەو یەک دەنگ بۆ بەرگریکردن لە دۆزو ئەو ئەگەرانەی لەپێشن چالاکی جوراوجۆر بنوێنن، بێشک دەسەڵات لەپشتی ئەم پاشەکشانەوە بەدی دەکرێ و باشتر وابوو ئاراستە سیاسییەکانی سەرەتایی ئازادبوونی کوردستان، کە بەرەی کوردستانی وەکو فاکتەرو هێزێکی ئاوێتەبوو سەرپەرشتی دەکرد، بۆ ئەم قۆناغەی ئێستا وەکو گوتارێکی یەکگرتوو سوودی لێوەرگیراباو متمانەی دەسەڵاتی پێ بەخشرابا تا هەر هیچ نەبێت دوای برینی ئەم قۆناغە هەستیارەی مێژوو کە ئاییندەی گەلێکی لەسەر دەنەخشێنرێ بە وێنەیەکی جوان و گوتارێکی هاوشێوەو قەوارەیەکی قورس لە گۆڕەپانەکەدا ناسرابا.

**حەمید بلباس**

ڕاستە لەدوای ڕاپەڕین حزبەکان و دڵسۆزانی کورد لە دوای ڕاپەڕینەوە بەردەوام لە هەوڵی زیاتر بەدیارخستنی تاوانەکانی ڕژێم و ناساندنی دیکتاتۆرو سەرانی ئەم ڕژێمە بەجیهان بوون، بەڵام کارو هەوڵ و چالاکییەکانی لە ئاستی پێویست نەبوونەو دەبوایە لەم بارەیەوە هەوڵ و چالاکییەکانیان کۆششی زیاتر بخرابوایەگەڕ.

**سەلاح مەزن**

لە دەستنیشانکردنی تاوانەکان و تراژیدیای ڕابردووی ئەو کارەساتانەو وروژاندنیان جۆرێک لە هەماهەنگی هەیە، بەتایبەتیش لە بۆنەو یادەوەریەکاندا، ئەو پرسانە وەک ناسنامەیەکی نەتەوەیی پڕ دروشم دەکرێن.

بەڵام لە شێوازەکانی ڕووبەڕووبوونەوە، بەدرێژایی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد گوتاری سیاسی و بەڕەنگاربوونە هەمیشە لە دوو سەنگەری دژ بەیەک،یان ناکۆک هەڵوێستیان وەرگرتییە، نەبوونی هەماهەنگی و یەکگرتوویی لە داڕشتنی گوتاری سیاسی کوردیدا، لە پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ زیاتر هەستی پێدەکرێ، کە دەبوو لەسەر گشت ئاستەکاندا، ئەو ڕژێمە ڕیسوا بکرابایەو، وەک تاوانباری گەورەی دژ بەمافەکانی گەلەکەمان بناسرابایەوە، واکرابا کە پانۆرامای تاوانکارییەکانی ئەو ڕژێمە لە زهنی نەوەی کۆن لە بیرنەچووبایەوەو نەوەی نوێش لە دڕندایەتی تاوانکارییەکان بەئاگابایە.

ئەمجار سەدام و ڕژێمەکەی تا شەڕی ئازادی عێراقیش هەمیشە وەک ترسێک و پەرکەمێکی تۆقێنەر لەسەر کەسێتی مرۆڤی کورد، جۆرێک لە دڕدۆنگی سیاسی و دڵەڕاوکێی دەروونی دروستکردبوو، کە لەهەڵوێست وەرگرتن و کارو چالاکی خۆیدا، ئەو کەسە هەمیشە بەئاگایی هەڵسوکەوتی دەکردو حسابێکی بۆ ئەو ترسە دەکرد، ئەوەش کۆمەڵێک هۆکاری هەیە، کەشیکردنەوەیان زۆر هەڵدەگرێ، تەنانەت دوای ڕوخاندنی

رژێمەکەیشی، کارێکی ئەوتۆ نەکراوە، بۆ ریشەکێشکردنی هەروەک لەسەر ئاستی عێراقیش یاسای لەگۆڕنانی بەعس و کۆنگرەی لە گۆڕنانی بەعس هەڵوەشێنرایەوە.

بۆ ئەوەی گوتاری سیاسی کورد لەو بوارەو لە بوارەکانی دیکەدا یەککگرتوو بێت، پێویستە ماڵی کوردی یەکگرتووبێت و ماڵێک، کە تێیدا کەشێکی ئازاد هەبێ و، بنەماکانی دیموکراسی بەپێی دەستورێکی دیموکراسی و شارستانی پەیڕەو بکرێ، ماڵێک کە رای گشتی، میدیاو کۆمەڵگای مەدەنی ئازادانەو سەربەخۆیانە دەنگ و رەنگیان هەبێ، ماڵێک خاوەن پەرلەمانێکی هەڵبژێردراوبێت، ئەو پەرلەمانە دەکرێ، ببێتە سەرچاوەی فۆرمۆڵەکردنی گوتاری سیاسی، بەڵام بەبێ رەوشێکی ئازادو دیموکرات مەحاڵە گوتاری سیاسی یەککگرتوو دروست بێت.

*** پ/ ئایا رای گشتی عەرەبی و ئیقلیمی چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر رێڕەوی دادگایکردنەکە؟**

**ئەبوبەکر عەلی**

پێم وانییە رای گشتی ناوچەکە زۆر کاریگەری هەبێت لەم رووەوە بە بڕوای من سازشە سیاسییەکان لەو رووەوە کاریگەرترن. رای گشتی ناوچەکە لەبەر ئەوەی لەسایەی وڵاتگەلێکی دیموکراسیدا ناژین ناتوانن زۆر کاریگەر بن پێش ئەوەش دەتوانم بڵێم خۆی یەکلایی کردۆتەوەو پشتیوانی لەو هێزو لایەن و گروپانە دەکات کە لەعێراقدا بەرهەڵستی لە بوونی ئەمریکاو هێزە فرە رەگەزەکان و حکومەتی نوێی عێراق دەکەن. ئەمریکاو حکومەتی نوێی عێراقیش هەست ناکرێ تەنانەت لەجۆری چارەسەری سەربازی کێشەکانیشدا زۆر گوێ بەو راگشتییە بدەن، کە ئەمەش ئاستێکی ترسناک لە قۆڵبوونەوەی هەندێ لە ململانێکان دەگەیەنێ. هەڵبەت ئەوەش بڵێین مەرج نییە رای گشتی(سەدام)و سەرانی رژێمەکەیان وەک(شەخس و رژێم) خۆشبوێن، چونکە بەشێکی بەرچاوی ئەو راگشتییە دەزانێت سەدام و رژێمی بەعس چ کارەساتێکیان بەسەر ناوچەکەو میللەتدا هێناوە. ئەوەی کە دەبینین بە پلەی یەکەم دژایەتیکردنی ئەمریکاو لایەنگری لە(پان عەرەبیزم)و لەسەر بناغەی(انصر اخاک ظالما او مظلوما).

**سەلام عومەر**

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر راگەیاندنە چەواشەکارییەکانی عەرەبی، کە لەسەروبەندی دادگایی سەدامدا بانگەشەکانیان تەنیا هاوسۆزی بوو بۆ سەدام و دارو دەستە تاوانبارەکەی، ئەوە زۆر بەزەقی شۆڤینیزمەکان دەمامکییان لەسەر لادەچێ و تێدەگەین، کە رای گشتی عەرەبی تەنیا توانای قسەی زل رشانەوەیان هەیە بەسەر گەلانی عێراق و ئەو چەمکە دیموکراسییەی کە دەیەوێ لەم هەوڵە دیموکراسیانەدا پیشانی عەرەب و دەوروبەری داو.... هەڵبەتە ئەوانیش بەترسەوە لەم پرۆسەیە دەڕوانن و پێیان وایە ئەم هەوڵە جوانانە هۆکار دەبن بۆ لەقکردنی دەسەڵاتی تاک رەوی ئەوان و دوورنییە ئەو رەنگە سروشتییانەی لە عێراقدا دەیانەوێ وڵات بەرەو کەناری فیدراڵی ببەن کار لە دیموگرافیای ئەوان و پێکهاتە سیاسییەکانیان بکات و تەوژمی بەسەردەمی بوون ئەوان بخاتە ناو ئەو گێژەڵوکەیەی پێویستییەکانی رۆژگار بەسەریاندا دەسەپێنێ.

بۆیە ئەگەر سەدام تەنیا مەترسییەک بوو بۆ سەپاندنی هەندێ لەدەسەڵاتەکانی بەسەر ئەواندا، بەڵام نەیدەتوانی سنووری ئەوان ببەزێنێ و کاریگەری راشکاوانەی لەسەر گۆڕانکارییە سیاسییەکانیان هەبێت ئەوە جیا لەوەی هاوسۆزی سەدام بەرامبەر عەرەب شێوەیەکی پۆزەتیڤانەی لەخۆی گرتبوو هەڵوێستیش بەرامبەر نەتەوە جیاکان

بەتایبەتی کورد لەگەڵ سەرکردە عەرەبەکان و وڵاتانی دەوروبەر یەکانگیربوو، بۆیە وڵاتانی دەوروبەرو عەرەب بەگشتی ئێستا هێندەی لەم گۆڕانکاریانەی ناو عێراق دەترسن هێندە لەسەدام نەدەترسان و ئێستاش تەنیا میدیاکانیان خەریکی چەواشەکارین و ئەگەرنا پێ ناچێ ئەوان بتوانن هیچ گۆڕانکارییەک لە ئاراستەی دادگاییکردنەکە بکەن جگە لەوەی وەک بینەرێکی کوێر خوێندنەوە بۆ ئاییندەی عێراق لەودیو پەڕە هەستیارەکانی مێژوو بنووسنەوەو چاویشیان بەهیچ دەستکەوتێک هەڵنایە کە گەلێکی پەراوێزخراوی وەکو کورد بەدەستی بهێنێ.

**سەلاح مەزن**

ڕای گشتی ڕەسمی عەرەبی و میللی ڕاشکاوانە ئیدانەی سەدام و ڕژێمەکەیان نەکردووە، هێشتا پێش ڕوخاندنی باشتربوون، ئێستا بەشێک لە وڵات و ناوەندو پارتەکان خەریکن بۆی دەگرییێن، بەتایبەتیش ناوەندەکانی ئیسلام و عروبە، دیارە ئەو هەڵوێست وەرگرتنەیان بەژمارەیەک هۆکارو ڕووداوەوە گرێدراوە، کە بەرژەوەندییە تایبەتییەکان ڕوبەرێکی فرەوانی ئەو هەڵوێستە پێکدەهێنێ، هەروەک لە قەیرانی کۆبۆن بەرامبەر بەنەوت و، گەندەڵییەکانی نەوت بەرامبەر خۆراک ئاشکرا بوون، ئەوە وێڕای ئەوەی کە ئەمەریکاو ئیسرائیل و (کوفر!) دەبێتە بیانوێەک بۆ هەندێ وڵات و هێزی سیاسی کە ئەمڕۆ لەژێر کۆنترۆڵی ئیسلامی توندڕەو دانە، ناوەندەکانی ڕوناکبیری، سیاسی و مەدەنی عەرەبیش هەڵوێستیان ئەگەر نەگەتیف نەبێ پۆزەتیڤیش نییە.

جا تۆ چاوەڕێی چ هەڵوێستێک دەکەی لێیان، چۆن بۆ ڕێوڕەسمی دادگاییکردن پلان و بەرنامە هەیە، دیارە ئەوانیش لەکاتی بەڕێوەچوونی دادگاییکردنەکە دەستەوەستان نابن، هاوکات لەگەڵ یەکتر لە ڕێگای کاری تیرۆرو تەقاندنەوەو هەڕەشەکاری ئاڵۆزی پێکدێنن و، لە ڕێگای خۆپیشاندان لە شارەکانی عێراق و وڵاتانی عەرەبی و دەرەوەو کەناڵەکانی ئاسمانی عەرەبی هەروا هەندێ پارێزەرەوە گوشار پێک دەهێنن، بۆ ئەوەی ڕەوتی دادگاییکردنەکە بگۆڕن، ڕەنگە بەشێک لە تاوان و هەڵەکانی هێزی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکان بۆ کەمکردنەوە لە کاریگەری تاوانەکانی ڕژێم بەکاربێنن.

بۆیە دادگاییکردنی سەدام و تاوانبارانی دیکە لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا ڕەنگبێ ئەو مەترسیانەی کەمتر بێ، چونکە دەسبەسەری سەدام لەناو عێراقداو ئەنجامدانی دادگاییکردن کە زیاتر وەزعەکەی وروژاندو ئاڵۆزی کردو تەنانەت ئەو مقاوەمەیەی سەریهەڵداوە، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو دەسبەسەرییەوە هەیە، جگە لە هۆکاری دیکەوە، جا ئەو دادگاییەکردنە چەندەی درێژە بکێشێ ئەوەندە مەترسی شەڕی نێوخۆیی و دژە ڕەگەزی تەشەنە پێدەکا، چونکە ئەو ناوەندو گروپە توندڕەوو پاشماوانەی ڕژێم بەرگری لە تاوانەکانی سەدام دەکەن و دەستخۆشی لێدەکەن، تەنانەت ئەوەی کە سەدام پێی تەواو نەکرایە، ئەوان بەشانازییەوە تەواوی دەکەن، بۆیە ڕیسواکردنی سەدام و پەردە هەڵدانەوەی لەسەر دڕندەیی تاوانەکانی تۆزقاڵێک ویژدانی ئەوان ناجوڵێنێ، چونکە ئەوان پەروەردەی قوتابخانەی توندو تیژ یین و بەرژەوەندییان لەوەدایە.

**عەلی مەحمود**

ڕای گشتی ئیقلیمی و عەرەبی کاریگەری دیاریان لەسەر دادگاییکردنەکە نابێت، لەبەر ئەوەی ئەمەریکا دەیەوێت لەڕێگەی دادگاییکردنی سەدام و سەرانی ڕژێمی پێشوەوە شەرعیەتی تەواو بە شەڕەکەی و مانەوەی لە عێراقدا بدات، چۆن نەچووە ژێر پاڵەپەستۆی لایەنگرانی دژ بەشەڕەوە، نابێت ئەوەش لەیاد بکەین لایەنگرانی دژ

بەشەڕ گەلێک بەهێزترو کاریگەرتر بوون لەلایەنگرانی دژە دادگایی سەدام و دارودەستەکەی. بۆیە ناچێتە ژێر فشاری ئەم گروپەشەوە.

**حەمید بلباس**

ئەگەر دادگاییکردنەکەی سەدام و پیاوەکانی پشت بە هەقیقەتی مێژووی ئەم دیکتاتۆرەو رژێمەکەی ببەستێت و، ڕێڕەوی دادگاییکردنەکە بە خستنەڕووی تاوانەکانی ئەنفال و سیاسەتی پاکتاوکردنی رەگەزی و هەڵەبجەو رەشەکوژی کە هەموو تاوانی گەورەن و وەکو خوێناو لەدەستی ئەم دیکتاتۆرانە دەچۆڕێتەوە، بێگومان دادگاییکردنەکە عادیلانە دەبێت و هیچ هێزو ولاتی ئیقلیمی و دەرەکیش ناتوانێت هیچ جۆرە کاریگەرییەک لەسەر رەوتی دادگاییکردنە کە دابنێت. ئەمەش مانای ئەوەنییە رایگشتی ولاتانی ئیقلیمی و عەرەبی لەم بارەیەوە کارناکەن بۆ ئەوەی ئاراستەو دەرەنجامی دادگاییکردنەکە بە قازانجی خۆیان نەشکێتەوە.

*** پ/ ئایا پێشبینی ئەوە دەکرێت سەدام لەو تۆمەتانەی ڕووبەڕووی دەکرێتەوە ولاتە زلهێزەکان و دەوروبەریش تێوە بگلێنێ؟**

**سەلاح مەزن**

ئەگەر بێتو سەدام لەروی دەروونی، عەقڵی و جەستەیی ساغ بێت، ئەوە لەبەردەم دادگا داکۆکی لە خۆی دەکات و بیانو بۆ هۆکاری ئەنجامدانی تاوانەکانی دێنێتەوە، بەتایبەتیش کە ئەزموونی ژمارەیەک لە دادگاییکردنەکانی گەورە تاوانبارانی مێژووی مرۆڤایەتی لەلایە، ئەو دیکتاتۆرە هەوڵدەدات زۆربەی ئەو تۆمەتانە لەسەرخۆی لابەرێ و، گەورە بەرپرسانی سوپاو و دەزگاکانی دیکەی تێوەبگلێنێ، لەوانەش سەرانی رژێمەکەی کە لەگەڵی زیندانی کراون، چونکە ئەوان بەش بەحاڵی خۆیان پەنجەی تاوانبارکردن بۆ سەدام درێژ دەکەن، هەروا رەنگە لە بەرایی هەوڵبدات ئەو دادگایەی پێکهێنرایە بەناشەرعی لەقەڵەمی بدا، بەڵام ئەو هەوڵەی و سەرجەم داکۆکییەکانی خۆی و پارێزەرانی عەرەبی و بیانی، هەروا خۆپیشاندانەکان و میدیای عەرەبی فریای ناکەون، چونکە تۆمەتەکان و دۆسیەی تاوانەکانی سەدام و رژێمەکەی گەلێ لەوە بە هێزو گەورەترن ئەوان بتوانن بەرامبەری رابوەستن، بەتایبەتیش دۆسیەی گۆڕە بەکۆمەڵکان، ئەنفال و کیمیاباران، هەروا ئێران و کوێت دۆسیەی زۆریان ئامادەکردووە، لەولاشە ئیدارەی ئەمەریکی ژمارەیەک پسپۆڕی شارەزاو دۆسیەکی پوختەی لەو دادگاییکردنە بەکاردەخات و حسابێکی وردیشی بۆ هەموو شتێی کردووە، لەوکاتەدا، سەدام هیچی بەدەست نامێنێ، بەڵام هەوڵ دەدات مناوەرە بکات، چونکە خۆی پیاوەکی مناوەرەچی بووە، بەڵام مناوەرەکانی ئاشکران و زوو پوچەڵ دەبنەوە بۆ تێوەگلانیشی هەوڵدەدات جارێ ئەو ولاتە عەرەبی و ئەوروپاییانە تێوەگلێنێ کە دژ بەخۆی راوەستاون و لایەنگیری ئەمەریکایان کردووە.

ئەگەر سەدام بەورەیەکی خۆڕاگرانە بتوانێ داکۆکی لە خۆی بکاو تاوانەکان لەسەرە خۆی لاببات، ئەوا لە قۆناغی یەکەم هیچ ولاتێک تێوەناگلێنێ، بەتایبەتی ئەگەر سەدام ئاگاداری رووداوەکانی دەرەوە بێت و گرفتی تەندروستی نەبێ، من وای بۆ دەچم بەگژ دادگا دادەچێتەوە، ئەگەر دادگایی تایبەتیش کارامە بێ و نەزاهەت پێڕەو بکات و، نەکەوێتە بەر کارتێکردنی پێکهاتەی کۆمەڵگای عێراقی و هۆکاری دیکەوە، لە قۆناغەکانی دیکەی دادگاییکردنەکە سەدام چۆک دادەدات.

**سەلام عومەر**

بەرەڵلاکردنی جلەوی سەدام لەو سەردەمە نارێکانەی لە لوتکەی دەسەلات و خۆ سەپاندندا بوو لە لایەن ولاتە زلهێزو ئەوانەش کە لەدەوروبەری بوون و لێی دەترسان فاکتەری زیندو بەگەڕخستنی ئەو تاوانانە بوو ئەنجامی دا پەلامارەکانی سنووری دەسەلاتی خۆی بڕی و پڕی

دەدایە هەر بەربەستێک مەترسی بایە بۆ ئەو پرۆژە مەرگ ئامێزانەی مەکۆی خواستە شەڕانگێزییەکانی تێدا گۆش کردبوو، لێرەوە سنوورو چوارچێوەکانی دەسەڵات شەقی بردوو رنگدانەوەی لەسەر هەر ولاتێک دروست کرد کەمتمانەی لێوەرگرتبوو و هەموو نەخشە سیاسییەکانی ئەوکاتی هەڵوەشاندەوەو لە پاڵیشیدا زەمینە سازبوو بۆ داڕماندنەوەی ئەو قەلایەی کە لەپەلهاویشتندا بەردەوامی هەبوو.

بوونی یەک قوتبی دەسەلاتی جیهانی و نەمانی شەڕی ساردیش هۆکارێکی زیندوتری ئەو گەمە سیاسییانەبوو کە ناوچەکە بەخۆیەوەی دەدیت و مەرامەکانی زلهێزی و تاک رەویانەش کە تاکو ئێستاش لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا کاریگەری خۆی هەیە، تاکە سەرچاوەی دروستکردنی دیکتاتورییەتن و بۆیە ناکرێ پێشبینی ئەوە نەکرێ بۆ لادانی پەردەکان و هەڵماڵینی روی رەشی هۆکارەکان، سەدام لە گۆشەیەکەوە تیشک نەخاتە سەر پاڵنەری ئەو بەرەڵلاییانەی دەستی دابویەو ناوی ئەوباندو کەسایەتییانە نەهێنێ کە ئالیکی لێوەردەگرتن و دەیدایە ئەو رەوە مێگەلەی راست و چەپیان لێک نەدەکردەوەو بەربەریانە کەوتبوونە وێزەی گەلانی عێراق و سنوور بەزاندن.

بۆیە تۆمەتەکان چەند کاریگەرو ترسناک بن لەسەر تاوانبار کردنی سەدام و لەسێدارەدانی هێندەش زیاتر پەلەقاژەی مەرگی دیکتاتۆرو ولاتە زلهێزەکان و دەوروبەر نوقمی زەلکاوی تاوانەکانی دەکات.

**ئەبوبەکر عەلی**

ئەوە هەندێکی پەیوەستە بەو سازشانەی پێش دادگاییکردنەکە کە لە لایەن ئەو هێزانەو سەدام و سەرانی رژێمەکەیدا دەکرێت ئەو بەڵێنانەی لەم رووەوە پێی دەدرێن و دەکرێت لەم روووەوە وادەی ئەوەشی پێ بدرێت کە لەمەرگەکە رزگاری دەبێت و لە دوایەمین ساتیشدا بەپێچەوانەی ئەوەوە بجولێنەوەو بیسپێرن بەدەست قەدەری خۆی. رەنگە ئەگەر(سەدام) دڵنیابێت لەمەرگی خۆی ئەوەی هەیە، یاخود زۆری بدرکێنێ، بەلام هەروەک لەم ماوەدا وەدەرکەوت پیاوێکە هێشتا ژیان و مانەوەی خۆشی دەوێ گەر هەندێ مەسەلە ببێتە مایەی رزگارکردنی سەری بەدوور نازانرێ لە ئاستیاندا بێدەنگی هەڵبژێرێت.

**عەلی مەحمود**

ئەوە ئاساییە. چیرۆکی گەیشتنی بەعسییەکان بەدەسەلات و شەڕی عێراق و ئێران، پەیوەندییەکانی رژێم بە سیاسەتی ئەمریکی و سۆڤیەت و فەرەنسا مەلەفی چەکی کیمیاوی و کۆمەڵکوژی و کۆمەڵێک مەلەفی دیکەش کە ولاتان رادەکێشێتە ناو دادگاییەکە.

**حەمید بلباس**

من وای دەبینم ئەگەر دادگایی کردنی سەدام و گەورە تاوانبارەکانی دیکەی دەوروبەری بەپێی زانیارییەکی وردو بابەتیانە بێت و دادگاو خەمخۆرانی بنیاتنانەوەی عێراقی نوێ لە هەوڵی ئەوەدا نەبن بەتەنیا تاوانەکانی ئەم دیکتاتۆرانە بخەنەڕوو، بەڵکو لەهەوڵی ئەوەشدابن هەموو ئەو سەرە داوانەش ئاشکرا بکەن کە لەهەموو قۆناغەکان پاڵپشتی ماددی و مەعنەوی ئەم دیکتاتۆرانە بوون، ئاوا زۆر نهێنی وبەڵگەنامەی گەورە ئاشکرا دەبن، چونکە هەموومان ئەم حەقیقەتە دەزانین کە شەڕی هەشت ساڵەی عێراق- ئێران و کاولکردنی کوردستان و شەڕ لەدژی شۆڕشی کورد بەتەنیا لەتواناو وێزەی سەدام و رژێمەکەی نەبوو، بەڵکو لەم بارەیەوە رۆژئاواو رۆژهەلات هەریەکەو بە ئەندازەی خۆی رۆڵی سلبیان بینی.

*** پ/ پێشبینیت بۆ دەرئەنجامەکانی دادگاییکردنەکە چییە؟**

**حەمید بلباس**

من پێشبینی ئەوە دەکەم سەدام و دەست و پێوەندەکانی سەرەنجام بریاری لە سێدارەدانیان دەدرێت، چونکە کاتێک کە بریمەر سەرۆکی دەسەلاتی مەدەنی عێراق بوو ویستی بریاری لە سێدارەدان نەهێڵێت، بەلام

دواتر ئەم بڕیارە شوێن بزرکرا، بۆیە پێدەچێت بۆ مەسەلەی لە سێدارەدانی ئەوان دواخرابێت.

**ئەبوبەکر عەلی**

ئەوە هەندێکی پەیوەستە بەو سازشانەی پێش دادگاییکردنەکە کە لە لایەن ئەو هێزانەو سەدام و سەرانی رژێمەکەیدا دەکرێت ئەو بەڵێنانەی لەم رووەوە پێی دەدرێن و دەکرێت لەم روووەوە وادەی ئەوەشی پێ بدرێت ،کە لەمەرگەکە رزگاری دەبێت و لە دوایەمین ساتیشدا بەپێچەوانەی ئەوەوە بجولێنەوەو بیسپێرن بەدەست قەدەری خۆی. رەنگە ئەگەر(سەدام) دڵنیابێت لەمەرگی خۆی ئەوەی هەیە یاخود زۆری بدرکێنێ، بەڵام هەروەک لەم ماوەدا وەدەرکەوت پیاوێکە هێشتا ژیان و مانەوەی خۆشی دەوێ گەر هەندێ مەسەلە ببێتە مایەی رزگارکردنی سەری بەدوور نازانرێ لە ئاستیاندا بێدەنگی هەڵبژێرێت.

**سەلاح مەزن**

من بەو دادگاییکردنەو شێوەی ئامادەکردنی گەشبین نیمە، چونکە هەست دەکەم زیاتر بڕیارێکی سیاسی دەیجولێنێ و، گشت دامەزراوەکانی یاسایی و جێبەجێکردنی و کۆمەڵگای مەدەنیش بەپێی تەرمۆمەتری ئەو بڕیارەوە لەکارەکە ساردو گەرم دەبنەوە.

باشتر وابوو، دادگایەکی تایبەت بۆ دادگاییکردنی سەدام و سەرانی رژێمەکەی بەبڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش پێکهاتایە، نەک بەبڕیاری دەسەڵاتی داگیرکەر، دادگایەکە بەدوو قۆناغ بەرێوەچوبایە بەشێکی لە ناوەخۆی عێراق و کوردستاندا، کە بەشی هەرە زۆری تاوانەکانی تێدا ئەنجام درایەو بەڵگەی زیندووی تاوانەکان پیشان دەدات، ئەمجا قۆناغی دووەمی دادگاییکردنەکان لە دادگایەکی نێو نەتەوەیی ئەنجام درابایە چونکە بەشێک لە تاوانەکانی رژێم لەوانەش تاوانەکانی لە جەنگی دژ بەئێران و داگیرکردنی کوێت و تاوانەکانی دیکەی شەڕو هەروا تاوانەکانی جینۆسایدو پاکتاوی نەژادی کە بەتاوانی دژ بەمرۆڤایەتی دەناسرێن، کەواتە وێرای جینایەتەکانی ئەو رژێمە بەشێک لە تاوانەکان دەچنە چوارچێوەی تاوانەکانی شەڕو دژ بە مرۆڤایەتی.

**سەلام عومەر**

ئەگەر بەڵگەنامەکان وەک خۆی و پێکهاتەی پارێزەرانیش ئەو دڵسۆزو کوردانە بگرێتەخۆ کە زەبری کوشندەی سەدامیان لە مەیدانەکەدا وەک خۆی دیوە، ئەوە دەبێت مەرگی سەدام و زۆربەی تاوانباران دوای دادگاییکردن پیشانی گەلانی عێراق بدرێ و لەرینەوەیەکیش بێت بۆ بنکۆڵکردنی هەموو ئەو دەوڵەت و دیکتاتۆرانەی خەریکن رەفتارەکانی سەدام هەڵدەگرن و بۆ چەوساندنەوەی گەلانی ژێردەستیان خەریکی نەخشەسازیەکن کتومت لە هەیکەلی دەسەڵاتی سەدام دەچێت.

**عەلی مەحمود**

دادگاییکردنی سەدام بەمشێوە سستییەی ئێستا ئەنجام دەدرێت وا بڕوات ئاکامەکەی بەوە ناگات کە کورد داخوازییەتی، هەرچەند ماوەی دادگاییەکەی درێژ بخایەنێت زیاتر کورد بێ ئومێد دەبێت بەم ئاوات و ئامانجانەی لە دڵیدایە. هەڵگرتنی یاسای قەدەغەکردنی هەڵواسین ژمارەیەک لە بەعسییەکان دوور دەخاتەوە لەسێدارەدانیان، بەڵام جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە پەیوەستە بە ئاستی بارگرژییەکانی هەلومەرجی سیاسی پاش دادگایی و بڕیارەکان. لەگەشتدا دەتوانم بڵێم پرۆسەی دادگاییکردنەکە پرۆسەیەکی درێژماوە دەبێت.

**پۆزش**

**داوای لێبوردن لە کاک هیوا مستەفا دەکەین کە لە ژمارەی پێشووی گۆڤارەکەمان لەدۆسییەی دادگاییکردنی سەدام ناوی لەسەر لاپەڕەکە نەبوو کە خۆی ئەو دۆسییەی ئامادەکردبوو.**